گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هۆکارەکانی دواکەوتنی کچان لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری

سورێن ئەکرەم حمەنجم
بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژ ی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان , زانکۆ ی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، عیراق.
surenakram@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٠/١/١٣
پەسەندکردن:٢٠٢٠/٢/٢٤
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٠

ووشە سەرەکییەکان

*consequences*
*social impact*
*spinster*
*marrige*
*kurdistan*

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.1.4

## پوختە

دیاردەی دواکەوتنی ئەنجامدانی هاوسەرگیری یەکێکە لە بابەتەکانی کۆمەڵناسی خێزان، کە تێیدا ئاماژە بە هۆکار و پاڵنەر و جۆرەکانی دەکرێت،ئەم گرفتە لە ولاتان بەچەندین شێوە بڵاو بۆتەوە و هەندێکیان بە پلانەوە بەرەنگاری دەبنەوە. ئەم دیاردەیەش لە کۆمەڵگەی کوردی بەدی دەکرێت لەو ڕوانگەیەوە هەوڵمانداوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین، بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشدا خراونەتە ڕوو، هەر بەشێك تەرخان کراوە بۆ بابەتێك. بەشی یەکەم تێیدا باسی (گرفت، گرنگی، ئامانج)ی توێژینەوەکە کراوە هەروەها چەمکەکانی (دواکەوتن لە هاوسەرگیری، هاوسەرگیری...) کراوە. پاشان ئاماری چەند وڵاتێک خراوەتە ڕوو تاکو لەو ڕێگەیەوە درک بە قەبارە و ئاستی ئەم مەترسییە کۆمەڵایەتییە بکەین، لەبەشی سێەم شوێنەوارەکانی دواکەوتن لە هاوسەرگیری خراوەتە ڕوو. پاشان لەکۆتا بەشدا زانیارییە بەدەستهاتووەکان خراوەتە ڕوو و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆکارەکان دەستنیشان کراون. بە پێشنیاز و ڕاسپاردە کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

پێشەکی:

لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا چەندین گرفت هەیە کە بونەتە ڕێگر لەبەردەم دروستبونی خێزانێکی بەختەوەر، گرفتەکان فرەجۆر و هۆکارن، دیاردەی دواکەوتنی تاك لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری یەکێکە لەو گرفتانە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بەدوای هۆکار و شوێنەوارەکانی ئەم دیاردەیەدا بگەڕێین و لەو ڕۆشناییەوە ئەنجام و پێشنیارەکان بخەینە ڕوو.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاری کردنی چەمکەکان، لە باسی یەکەمدا (گرفت، گرنگی، ئامانج)کانی ئەم توێژینەوەیە خراوەتە ڕوو، لە باسی دووەمدا چەمکەکانی (شوێنەوار، قەیرەیی، هاوسەرگیری) پێناسە کراوە. لە بەشی دووەمدا ئاماری چەند وڵاتێکمان خستۆتە ڕوو لەسەر دیاردەی قەیرەیی هەروەها هۆکارە یاسایی و ئاینییەکانمان باس کردووە. لەبەشی سێیەمدا شوێنەوارە (ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەرونی،جەستەیی، ...)هکانی قەیرەییمان خستۆتە ڕوو. پاشان لە بواری پراکتیکی و بەشی چوارەمدا؛ پاش وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکە هۆکارە (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، دەرونی)هانمان شیکردۆتەوە. لە کۆتایدا ئەنجام و پێشنیار و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتە ڕوو.

تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1) گرفتی توێژینەوەکە :

گرفتی توێژینەوە، پاڵنەر و ڕێنیشاندەری توێژەرە بۆ کردنەوەی ئەو گرێیەی دەیەوێت بیکاتەوە، هەموو توێژینەوەیەك گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە و توێژەر دەیەوێت بزانێت هۆکار و پاڵنەر و لێکەوتەکانی ڕوداوێك چییە؟، گرفتی ئەم توێژینەوە بریتییە لەوەی ئایا هۆکار چییە کچان لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری دوادەکەون؟ ئەم دیاردەیە یەکێکە لەو گرفتانەی کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکان داناوە و چەندین گرفتی لە خێزانەکاندا دروست کردووە، لەو ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین ئەم توێژینەوە ئەنجام بدەین.

2) گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بخرێتە ڕوو، کە بریتین لە:

1.هۆشیارکردنەوەی گەنجان سەبارەت هۆکارەکانی دواکەوتنی کچان لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری ،ئاگادارکردنەوەیان لەوەی دوور نییە هەر تاکێك دوابکەوێت لە هاوسەرگیری.

2. ئاگادارکردنەوەی دەسەڵات و لایەنی پەیوەندیدار بە هەڵێنانی هەنگاوی چالاکانە بۆ هاوکاری کردنی گەنجان و دەستگیرۆیی کردنیان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری.

3. پێویستە (توێژەرانی کۆمەڵایەتی، مامۆستایانی ئاینی، زانکۆکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پەرلەمانتارەکان، خێزانەکان، .....) ڕۆڵیان هەبێت لە درککردن بەم گرفتە و هۆشیارکردنەوەی حکومەت و گەنجان لەم مەترسییە.

4. بەوهیوایەی پاش بڵابونەوەی مەترسییەکانی قەیرەیی؛ نەریت و مەراسیمی هاوسەرگیری بگۆڕدرێت، قورسایی لەسەر گەنجان دانەنرێت و مەرجەکانی تاکەکان کەم بێتەوە بۆ هاوسەرگیری.

3) ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەدا لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. دەرخستنی هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری.

2. شیکردنەوەی پاشهات و شوێنەوارەکانی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری.

3. خستنەڕووی چەند پێشنیارێك بۆ دەسەڵات و لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی کەم کردنەوەی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتییە.

باسی دووەم: ناساندنی چەمکەکان

1. شوێنەوار Effect:

بریتییە لەو ئەنجام و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیانەی بەهۆی ئەنجام نەدانی هاوسەرگیرییەوە دروست دەبن و کاردەکاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە وەك (دروستبوونی کێشە لەخێزان، لاوازبونی سوپا، کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوان، کەمبونەوەی ماوەی پیتداری، دروست بونی نەخۆشی جەستەیی و دەرونی، هەستکردن بە تەنهایی،... هتد)[1]. بریتییە لەو دۆخەی دوای ڕودان یان ڕونەدانی ڕوداوێك دروست دەبێت و بەدوای خۆیدا دەبێتە هۆی دروستبونی دۆخێکی کۆمەڵایەتی کە ئەم دۆخەی پاشکۆی ڕوداوی یەکەمە[2].

کەواتە دەتوانین بڵێین شوێنەوار بریتییە لە گۆڕاوی پاشکۆی ڕوداوێك و چەندین جۆری هەیە وەك شوێنەواری (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، دەرونی، ئاینی...) و ڕوداوەکان بە ئاڕاستە و ڕێڕەوێکی دیکەدا دەبەن؛ لەگەڵیدا چەندین دیاردە بەهۆی لێکەوت و پاشهاتەکانی ئەو ڕوداوەوە دروست دەبن.

2. قەیرەیی Spinster عنوسة:

دواکەوتنی تاکە لە هاوسەرگیری و کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە کە پێویستە تاك پرۆسەی هاوسەرگیری تێدا ئەنجام بدات؛ یان دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیرییە لەو

1 . Linda Mahood, Policing gender, class and family, University of Guelph, First published in 1995 by UCL Press UCL Press Limited University College London.p95.
2 . Scott , Willaim P, dictionary of sociology, W.R. Goyal SaaB publisher, India, 1999.p 53.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماوەی کە کۆمەڵگە دەستنیشانی دەکات و مانەوەی تاکە بە سەڵتی[3].قەیرەیی؛ پێچەوانەی هاوسەرگیرییە و تاك بە هەر هۆکارێك بێت ناتوانێت یان نایەوێت بە قۆناغی هاوسەرداریدا بڕوات[4]، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم جۆرە پێناسەی قەیرەی کردووە: ئەو کەسەیە هەرگیز هاوسەرگیری نەکردووە و ئامادەیی تێدایە کە هاوسەرگیری بکات، کەسێکە لە تەمەنی هاوسەرگیری دواکەوتووە و ماوەی پیتداری کەم بۆتەوە.[5]

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: قەیرەیی بریتییە لە کۆتایی هاتنی قۆناغی پێگەیشتن و بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی کۆمەڵگە دیاری کردووە کە پێویستە تاکەکان هاوسەرگیری بکەن، بەگشتی لەزۆرینەی کۆمەڵگەکاندا تەمەنی سەروو 35 ساڵ بە قەیرەیی دادەنرێت.

3. هاوسەرگیری، Marriage، الزواج

لە ڕووی زمانەواییەوە (هاوسەر) لە زمانی کوردیدا لە هاوسەرینەوە هاتووە بەو مانایەی ئەم دوانە لەسە یەك سەرین دەخەون[6]. هاوسەرگیری بریتییە لە پرۆسەی بەیەك گەیشتنی نێوان ژن و مێرد، ئەم بەیەك گەشتنەش بەپێی دۆخی ئاینی و یاسایی و کەلتوری کۆمەڵگە دەگۆڕێت. پەیوەندییەکی رۆحی و سێکسی درێژخایەنی نێوان ژن و پیاوە.[7] هاوسەرگیری یەکێکە لە سیستەم و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەموو ئاینێك بایەخ بەڕێکخستنی دراوە و چەندین جۆری هەیە و بەپێی یاسای وڵاتەکان ڕێکخراوە وەك

---

[3]. . John Archer, Barbara Lloyd - Sex and Gender, 2nd edition, Cambridge University Press, 2002, p102

[4] . JUDITH E. TUCKER ,WOMEN, FAMILY, AND GENDER IN ISLAMIC LAW, Published in the United States of America by Cambridge University Press, New York, p 125.

[5] . Rao, C.N. Shankar , principle of sociology with and introduction to social thought, S, chand & company LTD, fourth edition, new delhi, 2005.p 305.

[6]. د. محمد شوانی، بچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان،ئاماژە بەناوی چاپخانە نەدراوە، 2017، هەولێر، لا216.

[7]. ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009.لا 512

(تاك هاوسەری، فرە مێردی، فرە ژنی، هاوسەرگیری پاش مردن، هاوسەرگیری کراوە، گروپ هاوسەری...)[8].

کەواتە دەتوانین بڵێن هاوسەرگیری بریتییە لە هۆکاری دروستبونی خێزان و هەبونی پەیوەندی دێژخایەنی نێوان ژن و مێردە، جۆرێکە لە گروپی کۆمەڵایەتی کە تێیدا هەستی ئەندامبون و ژن و مێردایەتی لەنێوان ئەو دوو کەسەدا هەیە، ئەو پەیوەندییە سێکسییەی نێوان ژن و مێرد شەرعیەتی لە کۆمەڵگەوە وەرگرتووە و منداڵەکانیان ددانیان پێدانراوە، لەم پەیوەندییەدا پەیمان و بەڵێن لەنێوان ژن و مێرد هەیە، بەپێی یاسا؛ نەریت و ئاین ئەم هاوسەرگیرییە دروست دەبێت، ئامانج لەدروستکردنی ئەم خێزانە تێرکردنی غەریزەکانی (هاوکاری، خۆشەویستی، سێکس، هاوخەمی، دڵسۆزی، منداڵ خستنەوە، ....)یە..

بەشی دووەم: کێشەی قەیرەیی لە وڵاتاندا

مێژووی ئەم دیاردەیە کۆنە و لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا پاڵنەر و هۆکاری فرەڕەنگی هەبووە، هەندێکجار ئایین ڕێگری لە تاکەکان دەکات بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، بەهۆی پیادەکردنی هەندێك ڕێوشوێنی ئایینیەوە، ئەمەش لەسەر بیروباوەڕی ناپاکی کرداری سێکسی بونیاد نراوە. لەهەندێك ئاییندا ئەنجام نەدانی هاوسەرگیری ڕێزدار و پیرۆزە، پێیوایە پاکوخاوێنی ڕۆح بریتییە لە دورکەوتنەوە لە سێکس. بۆ نموونە:

1. لە کەنارەکانی ئەفریقای ڕۆژئاوا هەندێك کۆمەڵگە شونەکردن بەسەر کچی نۆبەرەدا دەسەپێنن کە بۆ خزمەتی ڕابەرانی گروپەکە لە دایکبووە و پێگەی باڵای دەبێت، بەڵام بە شووکردنی ئەم پێگەیە لە دەست دەدات.

2. لە کۆندا شونەکردن بەسەر ئەو ژنانە دەسەپێنرێت کەخۆیان بۆ خزمەتی خودا تەرخان کردووە.

[8] .P.Gisbert, fundamentals of sociology, published by Orient Blackswan, India, new Delhi, 18th edition, 2006, p 287.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. لە مەكسیك و پیرۆ ئەوانەی خۆیان بۆ خودای ڕۆژ تەرخان دەكرد؛ ژیانیان لە شوێنە دورەكان بەسەر دەبرد و دورەپەرێزبون لەخەڵك هەتا كاتی مردن، ڕێگە بەكەس نەدراوە قسەیان لەگەڵ بكات و بیان دوێنێت.

4. لە دورگەی (كەناری) هەندێك ژن یارمەتی پیاوانی ئاینی دەدەن لە جێبەجێكردنی خواپەرستی ئەمانەش ناتوانن هاوسەرگیری بكەن .

5. لای بودییەكان سەڵتی بەسەر پیاوانی ئایینیدا سەپێنراوە چونكە بودییەت پێی وایە چێژی جەستە لەگەڵ ژیری و پیرۆزی ناگونجێت[9].

6. لای ئێرانییە كۆنەكان شونەكردن بەسەر كچانی ماڵی (خودای ڕۆژدا) دەسەپێنرا.

7. لای ڕۆمانیەكان شونەكردن بەسەر كچانی ناو پەرستگای ڤێستا دەسەپێنرا و ڕێگایان پێنەدەدرا هەتا تەمەنی (30) ساڵی پەرستگا بە جێبهێڵن .

8. لە ئایینی مەسیحیدا هاوسەرگیری لەسەر تەڵاقدراوەكان (ژن و پیاو) قەدەغەكراوە، لە ئینجیلی (مەتا) دا هاتووە (هەركەسێك تەڵاقدراوێك بخوازێت زینای كردووە). هەروەها هەندێك ئایین ڕێگە نادات تاكەكانی لەگەڵ كەسێك هاوسەرگیری بكەن كە سەر بە ئایینی ئەو تاكە نەبێت.

9. هەندێك لە كچانی كڵێسا؛ كچێنی خۆیان هەڵدەگرن بۆ پێغەمبەر عیسا و دەیانەوێت لە ژیانی داهاتوو هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو بكەن و كچێنییان پێشكەشی ئەو بكەن، بۆیە هاوسەرگیری ناكەن.

10. سیستەمی كاست لە هیندستان هۆكاری شونەكردنی ژمارەیەكی زۆری كچانە چونكە تاك ناتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ كەسێك بكات كە لە كاستی خۆی نەبێت[10].

---

[9] . R.N.Sharma, principles os sociology, published by media promoters & publishers PVT, mumbai, eight edition, 2009, 289.

[10] . C.N. Shankar Rao, principles of sociology, Nirja publisher &printers PVT, new Delhi, seventh revised edition, 2012, pp307&308.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێکجاریش هۆکاری یاسایی ڕێگربوون لە ئەنجامدانی هاوسەگیری لای تاکەکان، هەندێك لە هۆکارە یاساییەکان بریتین لە:

1. یاسای هەندێك وڵات هاوسەرگیری هەموو ئەو کەسانە قەدەغە دەکەن کە یارمەتی لە سندوقی گشتی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەردەگرن .

2. دەرچونی هەندێك دەستور و یاسا بۆ قەدەغەکردنی هاوسەرگیری بۆ ئەو کەسانەی کە توشی نەخۆشی بۆماوەیی بوون وەک (ئایدز، ڤایرۆسی جگەر، ...)، وەك ئەوەی لە حکومەتی ئەڵمانیا ڕوویدا لە ساڵی 1933.

3. لە شارستانییەتە دێرینەکاندا ڕێگە نەدەدرا بە هاوڵاتییان هاوسەرگیری لەگەڵ بیانی بکەن، هەروەها کۆیلەکان مافی ئەوەیان نەبوو هاوسەریگری لەگەڵ بیانی و هاوڵاتیان بکەن؛ ئەمەش دەبووە هۆی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری.

4. بەپێی یاسای زۆێك لە وڵاتان؛ ئەو کەسانەی زیندانی کراون ناتوانن هاوسەرگیری بکەن هەتا ماوەی زیندانییان تەواو دەبێت[11].

5. لە هەندێك وڵاتدا کە ململانێی ناوخۆیی و سیاسی هەیە، ئەو گەنجانەی بۆ شۆڕشکردن و خەبات چەك هەڵدەگرن ناتوانن هاوسەرگیری بکەن و دوادەکەون لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری، بۆنمونە زۆرێك لە تێکۆشەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکوری کوردستان بەهۆی ئەوەی گەریلان و شۆڕش دەکەن ناتوانن یات نایانەوێت هاوسەرگیری بکەن.

ژمارەی قەیرەکانی جەزائیر هێندەی ژمارەی دانیشتوانی پێنج وڵاتی عەرەبی دەبێت و ساڵانە 200 هەزار قەیرە لەوڵاتی جەزائیر زیاد دەکات، بەمەش ژمارەی قەیرەکانی ئەو وڵاتە بۆ 11 ملیۆن بەرزبۆتەوە کە هێندەی ژمارەی دانیشتوانی پێنج وڵاتی عەرەبی دەبێت. ڕۆژنامەی "نەهار ئەلجەدید" بڵاویکردووەتەوە: ژمارەی قەیرەکان لەسەرتاسەری جەزائیر 11 ملیۆن کەسن و لەسەرووی 25 ساڵەوەن، پێنج ملیۆنیش لەسەرووی 35 ساڵەوەن.

---

[11] . Vaidya Bhushan, an introduction to sociology, published by kitab mahal, eidition 39, new Delhi, 2005, p 379.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە کە ساڵانە 200 هەزار قەیرە زیاد دەبێت. بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکانی دیوانی نیشتیمانی جەزائیر بۆ ئامار؛ کە پێش سێ ساڵ بڵاویکردووەتەوە ئاشکرای کردووە: چوار ملیۆن کچ لە جەزائیر تەمەنیان لەسەرووی 34 ساڵەوەیە و هاوسەرگیرییان نەکردووە. ساڵی 2016 لەجەزائیر 56 هەزار حاڵەتی جیابوونەوەی تۆمارکراوە، بەپێی ئامارەکانیش 41 هەزار لەو ژنانەی تەڵاقدراون بریتین لەوانەی کە کاردەکەن. هەروەها زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوەی لەنێوان ئەو هاوسەرانەدا تۆمارکراون تەمەنیان لەنێوان 20 بۆ 30 ساڵاندایە[12].

هەروەها یەك ملیۆن و 500 هەزار ئافرەتی قەیرە لە سعودیە هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆران داوایەکی مامۆستایەکی ئەکادیمی سعودیە ڕەتدەکەنەوە کەداوا دەکات ئافرەتانی قەیرە بخرێنە لیستی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانەوە کە حکومەتی سعودیە مانگانە هاوکاریی ماددی بۆ ڕیونەتەوە[13]

بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی قەیرەیی لە تورکیا ماڵپەڕێکی فەرمی تایبەت بە هاوسەرگیری و فرەژنی کرایەوە تێیدا هانی ئەو کەسانە دەدات بیانەوێت ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم بهێنن. لە تورکیا بۆ یەکەم جارە ماڵپەڕێك دەکرێتەوە بۆ ئەو پیاوانەی بیانەوێت ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم بهێنن. ئامانجی ماڵپەڕەکەش بریتییە لە کەمکردنەوەی زینا لەناو کۆمەڵگەی تورکیادا. لە تورکیا بە هیچ شێوەیەك پیاو ناتوانێت ژنی دووەم بهێنێت، بۆیە زۆر جار پیاوی تورك بە شێوەی نهێنی ژنی دووەم دەهێنێت و ناهێڵێت حکوومەت بیزانێت. ئەوانەی ئەم ماڵپەڕە بەڕێوە دەبەن خۆیان ئاشکرا نەکردووە. ماڵپەڕەکە بە ناوی (هاوسەرگیرییە) و پشتی بە سورەتی (نیسائ) بەستووە لە قورئاندا بەوەی ڕێگەی داوە پیاو تا 4 ژن بهێنێت. هەروەها باسی لەوەش کردووە، دەیانەوێت لەو

[12] ماڵپەڕی خەندان، http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=16652&babet=6&relat=1024، 1/11/2017،
[13] .ماڵپەڕی دەباشان، http://www.dabashan.net/archived/index.php?option=com_content&view=article&id=260:---500------&catid=9:hewall&Itemid=10،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگەیەوە ئافرەتە هەژارەکان ڕزگار بکەن و قەیرە کچ و بێوەژنەکانیش لە تەنیایی ڕزگار بکەن[14].

هیندستان سیستەمێکی سیاسی فیدراڵی هەیە و لە 29 هەرێم پێکدێت، هەریەك لەو هەرێمانە ماڵپەڕێکی تایبەت بەخۆی هەیە تاکو لەڕێگەیەوە تاکەکان بتوانن هاوسەری ژیانی خۆیان دیاری بکەن، بۆنمونە لە هەرێمی تامیل ئەوکەسانەی دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن تەواوی تایبەتمەندی و مەرجەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو وەك(ئاین، باڵا، کێش، ڕوانامە، کاستی کۆمەڵایەتی، مووچە، داهات، شوێنی ژیان، ژمارەی خوشك و برا، کاری دایك و باوك.....) هەمەش هۆکارێکە تاکو تاکەکان بتوانن هاوژینی خۆیان بدۆزنەوە و ئەو سوپا قەیرەی وڵات ژمارەیان کەم بێتەوە[15].

بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی قەیرەیی لەسەر ئەو کچانەی دواکەوتوون لە هاوسەرگیری؛ ڕۆژنامەی (تشرین)ی سوریا نووسیویەتی:بەهۆی شەڕ و ئەو بارودۆخە نائاساییەی سوریای تێکەوتووە دەرفەتی ئافرەت بۆ هاوسەرگیریی زۆر کەم بووەتەوە و بەشێکی زۆری کچان بێهاوسەر ماونەتەوە.

پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشخانەی ئەلشەرق دەڵێت: کچە قەیرەکانی سوریا ئێستا بە ڕێژەیەکی زۆر پەنایان بردووەتە بەر پرۆسەی سڕکردنی هێلکەکانیان و ڕێژەی 8%ی ئەوانەی کە سڕکردنی هێلکەیان بۆکراوە هێلکەکانیان بۆ زیاتر لە 5 ساڵ بە زیندویی دەمێننەوە؛ باشتر وایە کچانی قەیرە لە تەمەنی 30 بۆ 35 ساڵی ئەو کارە بکەن و ئەگەر دواتر بکەوێت ئەگەری زیندوومانەوەی هێلکەکان کەمتر دەبێتەوە. هەرچەندە ئەم دیاردەیە کۆمەڵێك کێشەی شەرعی و یاسایی لێکەوتووەتەوە؛ بەڵام پزیشکانی ئەو بوارە

---

14 . کارزان گلی ، ماڵپەڕی باس نیوز، http://www.basnews.com/index.php/so/lifestyle/magazine/399138، 11/12/2017

15 www.tamilmatrimony.com، ئەو ماڵپەڕەی تایبەتە بە دۆزینەوەی هاوسەر لە هەرێمی تامیل

دەڵێن: ئەم سڕكردنە بۆ رەخساندنی دەرفەتی مناڵبوونە بۆ ئەو ئافرەتانە ئەگەر لەدواییدا هاوسەرگیرییان كرد[16].

ڕێژەی کچانی قەیرە لە وڵاتی میسر بەپێی ئامارە فەرمییەکان 13 ملیۆن کچ و کوڕ هەن کە تەمەنیان سەرو 35 ساڵانەو هاوسەرگیریان نەکردووە، لەو ڕێژەیەش 2.5 ملیۆن کوڕن و 10.5 ملیۆن کچن، بەمەش ڕێژەی کچانی قەیرە گەیشتوەتە 17%ی کچان، هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئەو ڕێژەیە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیادبونە، بەهۆی داب و نەریتەکانەوە لەو پارێزگایانەی کە دەکەونە سەر سنوری وڵاتی میسر ڕێژەی کچانی قەیرە 30%.

وڵاتی فەلەستین یەكێكە لەو وڵاتانەی كە كەمترین ڕێژەی كچانی قەیرەی تێدا تۆمار دەكرێت كە ئەویش تەنها 7%، بەڵام لە وڵاتی لوبنان ڕێژەی كچانی قەیرە 65%، هەروەها لە وڵاتی مەغریب نزیكە 12 ملیۆنە، لە لیبیا 300 هەزار كچ هەن كە تەمەنیان سەرو 35 ساڵانەو قەیرەن.

لە وڵاتانی خەلیج سەرەڕای ئەوەی كە باری ئابوری هاووڵاتیانی بەگشتی باشە بەڵام ئەو وڵاتانەش بەهەمان شێوە ڕێژەی كچانی قەیرە زۆرە، لە ئیمارات 75% [17].

بەشی سێیەم: شوێنەوارەکانی دواکەوتنی کچان لە هاوسەرگیری

ئاسان نییە خستنەڕووی تەواوی شوێنەوارەکانی ئەم دیاردەیە چونکە ئەم دیاردەیە بەپێی سەردەم و ناوچە و کەلتور و دۆخی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بەڵام لەخوارەوە هەوڵدەدەین کورتەی ئەو شوێنەوارانە بخەینە ڕوو:

یەکەم : شوێنەواری دەروونی

---

[16] . ماڵپەڕی دواڕۆژ،ژنانی سوریا بەم جۆرە كێشەی قەیرەیی چارەسەر دەكەن
HTTPS://WWW.DWAROZH.NET/LIFE/DETAILS.ASPX?JIMARE=39387، 10/11/2018،

[17] . هۆزان ڕۆستەم، PUKmedia، https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=52635، 10/2/2015

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم تاکە هەست دەکات بەجێماوە لە ڕەوتی ژیان، بۆیە بێزاری و ڕووگرژی لای هەندێکیان بەدی دەکرێت.

2. هەندێکجار ئەو شڵەژان و هەستکردن بە کەمییە دەبێتە هۆی ئەوەی بەئاسانی لە هەموو شوێنێك و لەگەڵ هەموو کەس نەتوانێت هەڵبکات، هەندێکجار لەسەر کێشەی بچوك؛ زیزبوون دەکەوێتە نێوان ئەم و خەڵکی ترەوە.

3. لە ژیاندا جۆرێك لە دووبارەیی و بێ چێژی هەست پێدەکات، خۆشی و چێژ لە بۆنە و ئاهەنگەکان وەرناگرێت.

4. ئەو کەسانەی لە هاوسەرگیری دوادەکەون ترسی لەدەستدانی توانای وەچەخستنەوەیان هەیە، لە دڵەڕاوکێی و چاوەڕوانیدان بۆئەوەی هاوسەرگیری بکەن و منداڵ بخەنەوە تاکو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن.

5. کچ لە تەمەنی گەورەیدا ئەزموون و ئەقڵێکی پێگەیشتووی هەیە، ئەگەر وەك هەرزەکارێك فشار و چاودێری لەسەر دابنرێت هەست بە کەمی و بێ ڕێزی دەکات.

6. لەکاتی هاوسەرگیری کەسە نزیکەکانی و ئەوانەی کە ئەم حەز بەچارەیان ناکات، هەندێکیان خەمبار دەبن و پێیان وایە بێ بەختن.

7. سێکس یەکێکە لە ڕەفتارە غەریزییەکان، مرۆڤ پێویستی بە تێرکردن و وەڵامدانەوەی ئەم پێداویستییە هەیە، بەپێ تیۆرەکەی فرۆید کاتێك مرۆڤ یەکێك لە پێکهاتەکانی کەسایەتی تێرناکات ئەوا ئەو بەشەی کەسایەتی سەرکۆنە و لۆمەی تاك دەکات و لەڕووی دەرونییەوە هاوسەنگی کەسیەتی لەدەست دەدات.

دووەم: شـوێـنـەواری کـۆمـەڵایـەتـی

1. لەکۆمەڵگە نەریتییەکان ڕێگە بە کچ نادرێت بەتەنها بژی و پاش ئەوەی کە باوك و دایکی کۆچیانکرد، ئەم کچە دەبێت بچێتە لای براکانی، لەوکاتەدا هەست دەکات جۆرێکە لە بارگرانی بەسەر ماڵی براکەیەوە؛ هەندێکجاریش لەگەڵ براژنی ناگونجێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. لە وڵات و ناوچە دواکەوتووەکان لە هۆکاری دواکەوتنی تاك لە هاوسەرگیری گومان و پرسیار دەکەن، هەمیشە پرسیاری تایبەت لەو کچە دەکەن، لە هۆکاری مانەوە و هاوسەرگیری نەکردنی دەپرسن، ئەم پرسیارانەش ئازاری ئەو کەسە دەدەن.

3. مرۆڤ بە هاوسەرگیری چەند پێگەیەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، دەبێتە (دایك، هاوسەر، لەدوایدا خەسوو، داپیرە، ماموژن،...) ی کەسێك، بەڵام ئەگەر هاوسەرگیری نەکرد لەم پێگە کۆمەڵایەتیانە بێ بەش دەبێت.

4. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مرۆڤ هەتا هاوڕێ و دۆست و خزمی کەمتر بێت مەودای ژیان و ئەزموونکردنی خۆشیەکان و چاوکرانەوەی کەمتر دەبێت، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو تاکانە هەیە کە دواکەوتوون لە هاوسەرگیری.

5. هەندێکجار ئەو کچانە لۆمەی خۆیان دەکەن کە بۆچی هەل و دەرفەتەکانی ڕابردووی ژیانیان لەدەستداوە، بۆیە ئەگەر چانسێکیان بۆ بێتە پێشەوە لەوانەیە هەندێکیان بەخێرایی بڕیاری هاوسەرگیری بدەن، ئەمەش لە کێشەیەکەوە دەپەڕنەوە بۆ کێشەیەکی تر و لەوانەیە لەگەڵ مێردەکەیان ئاسودەنەبن و بیرلە جیابونەوە بکەنەوە.

6. ئەو فشارە کۆمەڵایەتی و نامۆبوونە دەروونییە جاری واهەیە ئەو کچە پەنا دەباتە بەر خۆکوژی، خۆکوشتنەکەی بۆ هاوسەرگریکردن نیە بەڵکو بۆ ڕزگار بوونە لەو هەموو خەفەت و جەنگە دەرونیەی لەگەڵی دەکرێت، بۆ ڕزگار بوونە لەو ژیانە دووبارە و پڕ کێشەیە.

7. دواکەوتنی کچان لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری یەکێکە لە هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی (هاوسەرگیری کاتی، هاوسەرگیری نهێنی، هاوسەرگیری بەرژەوەندی، هاوسەرگیری چێژ،...) بەتایبەتی لە میسر و ئێران ئەم دیاردەیە بڵاوە.

8. ئەو کچەی دواکەوتووە لە هاوسەرگیری؛ هەست دەکات ئەو شکۆیەی دایکێك هەیەتی ئەم نیەتی، بۆیە هەندێکجار ئالودە دەبێت بە ( ئینتەرنێت، تەنهایی، خۆپەرستی، هتد...) و توشی خەمۆکی دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: شـوێـنـەواری ئـابـووری

1. ئەگەر ئەم کچە ئابورییەکی سەربەخۆی نەبێت؛ دەبێت چاوی لەدەستی کەسێك بێت بەخێوی بکات.

2. زۆرجار لەکاتی بەشکردنی میراتی، بەهۆی پیاوسالاری و تەنهاییەوە؛ میراتی بەشی ئەم کچە نادرێت.

3. لەو کۆمەڵگەیانەی خێزان جێگیر نییە و تاککەرایی و سەرمایەداری هەیە؛ ئەو کچەی مووچە و داهاتی تایبەت بەخۆی نییە، ناچارە بۆ پڕکردنەوە پێداویستی و خۆراکی خۆی بەڕێگایەکی ناڕەوا؛ پارە و داهات کۆ بکاتەوە.

4. ئەوکچانەی کە دواکەوتون لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری هەموو ئەو شتانەی کە هەیەتی لە (سەیارە، زەوی، ئاڵتون، هتد...) بەجۆرێك لە سامان و داهاتی خێزان سەیر دەکرێت، هەندێکجار سامانی ئەم وەك هی کوڕێك نییە لەگەڵ خۆی ببیاتە ماڵی خۆی.

5. ئەگەر داهاتی خۆی هەبێت زۆرجار خێزان و خەڵك لە هۆکاری دەوڵەمەندبوون یان دیارنەمانی پارەکەی دەپرسن، بەڵام لە کوڕ ناپرسرێت، بۆیە زۆرجار ناچارە تەواوی دەستهات و داهاتەکەی لای ماڵەوە دابنێت.

6. بەگشتی ئەو کەسانەی لەم دۆخەدان ناتوانن وەك هاوسەردارێك گەشت بکەن و وڵاتان ببینن لەلایەکەوە ناتوان بەتەنها بڕۆن لەلایەکی ترەوە ناتوانن بە خواستی خۆیان و بێ پرسی ماڵەوە گەشت بکەن وپارەکەیان بۆخۆیان بەکاربهێنن.

چوارەم: شوێنەواری جەستەیی

دواکەوتنی تاك لە هاوسەرگیری یەکێکە لەو دیاردانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگە نەریتییەکان، کۆمەڵگە ڕێگری لە تاك دەکات لە دەرەوەی هاوسەرگیری سێکس ئەنجام بدات؛ ئەمەش چەندین کاریگەری جەستەیی لای ئەو تاکە بەجێ دەهێڵێت، ئەو تاکە لە سودەکانی سێکس بەدور دەبێت کە هەندێك لە سودەکانی سێکس بریتین لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. سێکس هۆڕمۆنی (ئەندرۆفین) لە خوێندا زیاد دەکات، ڕژانی ئەم هۆڕمۆنەش بۆ ناو خوێن بەختەوەری بەمرۆڤ دەبەخشێت.

2. سێکس هۆڕمۆنی ئیسترۆجین لە ژندا زیاددەکات، ئەم هۆڕمۆنەش جوانی و تەندروستی ژنان زیاد دەکات.

3. سێکس سیستمی بەرگری بە چالاکی دەهێڵێتەوە، ئەو کەسانەی لەرووی سێکسییەوە چالاکن، کەمتر نەخۆشدەبن، چونکە بەرگرییان باشتردەبێت دژی بەکتریا و ڤایرۆس و مشەخۆرەکانی دیکە [18].

4. سێکس جۆرێکی گرنگی وەرزشە و لە خولەکێکدا 5 کالۆری دەسوتێنێت چونکە ماسولکەکانی جەستە گرژ و خاو دەکاتەوە، سێکس دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ماسوولکەکانی گەدە و پشت، چونکە لەماوەی 30 خولەك سێکسکردندا 200 گەرمۆکە دەسوتێنرێت.

5. سێکس بۆ تەندروستی دڵ گرنگە و لێدانی دڵ رێکدەخات، هاوسەنگی هۆڕمۆنەکانی ئیسترۆجین و تێستێستیرۆن ڕادەگرێت، کەمبوونی هەرکام لەم دوو هۆڕمۆنەش پوکانەوەی ئێسک و نەخۆشییەکانی دڵی لێدەکەوێتەوە[19].

6. سێکس خەوی مرۆڤ باشتردەکات چونکە لەدوای ئۆرگازم هۆڕمۆنی (پرۆلاکتین) دەڕژێت، ڕژانی ئەم هۆڕمۆنەش دەبێتە هۆی خەواڵوویی و خاوبوونەوەی ماسولکەکان .

7. کاتێک مرۆڤ سێکس ئەنجامدەدات، بڕێکی زۆر خوێن بە ئاراستەی مێشک دەڕوات، ئەوەش دەبێتە هۆی خواردن پێدان و ئۆکسجین و گواستنەوەی بۆ خانەکانی مێشک،

---

[18] . Karl F. Stifter, Sexology of Vaginal Orgasm, Printed in Germany 2005, Publisher: fgb • freiburger graphische betriebe, Freiburg, Translated by A.S.S., C.R.N., J.K. p 39.

[19] . Vladimir Antonov, Sexology, Printed by Lulu, New Atlanteans, 2008, p 71.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواجار ئەمەش هۆکارە بۆ باشبوونی توانای مێشک و بیرکردنەوە و داهێنان، بۆیە مێشک چالاک دەکات و زووتر کێشەکان چارەسەر دەکرێت.

8. مرۆڤ پاش ئەنجامدانی سێکس گوشاری دەروونی کەمترە و هەست بە دڵەڕاوکێی کەم دەبێتەوە،چونکە لەکاتی ئەنجامدانی سێکسدا ڕژانی هۆڕمۆنی (ئیلاکسیتەسین) بەرز دەبێتەوە؛ ئەم هۆرمۆنەش دەبێتە هێورکردنەوەی مێشك، بۆیە بۆ هەستکردن بە ئارامی و نەمانی فشاری دەرونی پێویستە مرۆڤ هەفتەی دووجار سێکس ئەنجامبدات.

9. سێکس یارمەتیی درەنگ پیربوون دەدات، ئەمەش لەڕێگەی گەشەکردنی هۆڕمۆنی ئۆکسیتۆسین، بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە ئەنجامدانی سێکس نزیکەی 7 بۆ 8 ساڵ پیربوون دوا دەخات[20].

تەوەرەی دووەم/ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

بەشی چوارەم: چوارچێوەی کاری مەیدانی توێژینەوەکە.

یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نمونە.

أ. کۆمەڵگەی توێژینەوە : دیاری کردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە قۆناغێکی گرنگە لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە، بەئەندازەیەك سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی توێژینەوەکەی لەسەر وەستاوە. بۆ ئەم توێژینەوەیەش کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر.

[20] . Avaren Ipsen, Sex Working and the Bible, Philip R. Davies and James G. Crossley, University of Sheffield , Equinox Publishing ,2009,p 137.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب. هەڵبژاردنی نمونە: هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە کارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیەش بەشێوەیەکی مەبەستدار(33) کچمان هەڵبژاردووە کە دواکەوتوون لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری.

دووەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

چەندین ئامرازی گرنگ هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە توێژینەوەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن. ئەو ئامرازەی لەم توێژینەوەیەدا بۆ لایەنی پراکتیکی بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە تێبینیکردنی exploratory هەروەها[21]، تێبینیکردنی explanatory بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەشی سێیەم بەکارهێنراوە.

سێیەم: میتۆدی توێژینەوە و بوارەکانی

1. میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی توێژینەوەی بار(دراسە الحالە) (Case Study)بەکارهێنراوە، ئەم میتۆدەش بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و لە زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت. دەشێت ئەو زانیارییە لەسەر (تاك، گروپ، گرفت، خێزان، ڕوداو، شوێن...) بێت. ئەم میتۆدە بەتەواوی پێچەوانەی میتۆدی ئەزمونگەرییە و

---

[21] . دوو شێوازی تێبینیکردن هەیە کە بریتین لە explanatory واتا لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ڕوداوەکان و توێکاری کردنیان ئەم زانیارییانەش لەلایەن خودی توێژەرەکەوە کۆدەکرێنەوە و بەچاوی توێژەرانە دیمەنەکان تۆماردەکات و لێکدانەوەیان بۆ دەکات. هەروەها دەشێت بەشێوەی exploratory بێت ئەم جۆرەیان توێژەر (سەردانی شوێنی ڕوداو دەکات، گفتوگۆ لەگەڵ ئەو گروپ و کەسە دەکات کە ئەندامی نمونەی توێژینەوەکەن، زانیارییەکان تۆماردەکات....)

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییان جیاوازە. ئەم میتۆدە چەند ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری هەیە کە بریتین لە (تێبێنیکردن، چاوپێکەوتن، کۆکردنەوەی بەڵگەنامە...) و بەگشتی بۆ توێژینەوەی Qualitative (جۆری) بەکاردێت. چەند جۆرێك توێژینەوەی بار هەیە[22] لەم توێژینەوەیەدا تاکە توێژینەوەی بار single case study و ڕێبازی فرە ڕەهەند Holistic approach و بەکارهاتووە.

2. بوارەکانی توێژینەوە:

أ) بواری شوێن: سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە بریتییە  قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر.

---

[22] . تاکە توێژینەوەی بار single case study: بریتییە لە توێژینەوەکردن لەسەر تەنها یەك (تاك، خێزان، گرفت، دیاردە،ڕوداو، گروپ....)

* فرە توێژینەوەی بار Multiple case study: توێژینەوە لەسەر یەکێك لە قۆناغەکانی دوو دیاردە یان ڕوداوو دەکات کە دەشێت (کۆمپانیا، خێزان، تاك، بەرهەم هێنان،گروپ،....) بێت و خاڵە لێکچوو و جیاوازەکانی دوو (کۆمپانیا، خێزان، تاك، بەرهەم ،گروپ،....) دەخاتە ڕوو.

* ڕێبازی فرە ڕەهەند Holistic approach: لە هەموو ڕەهەندەکانەوە توێژینەوە دەکات لەسەر ڕوداوێك یان گرفتێك، هۆکارە (ئابوری، سیاسی، ئاینی، دەرونی، کۆمەڵایەتی)یەکانی ئەو دیاردەیە شیدەکاتەوە

* ڕێبازی تاك ڕەهەند embedded approach:لە تەنها هۆکارێك و لایەنێکی (تاك، خێزان، گروپ، گرفت، دیاردە....)یەك دەتوێژیتەوە.

* بەگشتی  Multiple case study و embedded approach پێکەوە بەکاردێن هەروەها Holistic approach و single case study پێکەوە بەکاردێن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب) بواری مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە ئەو کچانە دەگێرێتەوە کە تەمەنیان لە 35 ساڵ زیاترە و هاوسەرگیرییان نەکردووە.

ت) بواری کات: ئەم توێژینەوەیە لە بواری پراکتیکی لە 2019/6/15 لەگەڵ ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەهۆی تێبینی کردنەوە دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لە 2019/8/7 بواری پراکتیکی کۆتایی هات.

بەشی پێنجەم: خستە ڕووی زانیارییە بەدەستهاتووەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی دواکەوتنی تاك لە هاوسەرگیری

هۆکار و جۆرەکانی دواکەوتنی تاك لە هاوسەرگیری جیاواز و فرە ڕەهەندن، بەگشتی دوو جۆر دواکەوتن لە هاوسەرگیری هەیە کە بریتین لە:

أ: دواکەوتنی خۆویست

خواستی خودی تاکە لە ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری بەبێ ملکەچبوونی مرۆڤ بۆ هیچ فشارێك کە پاڵی پێوەبنێت بۆ دواکەوتن، ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە لەوانە (خۆپەرستی لای تاك) کە لە ئەنجامی شەیدابوونە بەجوانی و هێزی جەستەی خۆی؛ بۆ ئەوەی پارێزگاری لێ بکات بڕیاردەدات هاوسەرگیری نەکات. نمونەی ئەم جۆرەش لای ژن و پیاوە ئەکتەر، هونەرمەند، نوسەر و وەرزشوانەکان دەبینرێت. یان نەبونی خواستی هەڵگرتنی ئەرك و بەرپسیاری خێزانداری، دواخستن بەمەبەستی خوێندن....هتد.

ب: دواکەوتنی خۆنەویست

دواکەوتنە بە هۆی فشارێکی سەختەوە کە بۆ دۆخی (ناهاوسەرگیری) پاڵ بەتاکەوە دەنێت، فشارەکانیش فرە جۆرن.

سەرباری ئەوەی ئاماژە بە هۆکارە یاسایی و ئاینییەکان کرا، دەکرێت چەند هۆکارێکی دیکە بخەینە روو:

یەکەم: هـۆکـارە کـۆمـەڵـایـەتـییەکان

1. هەندێك كات و لەناو هەندێك عەشیرەت ڕێگە بە كچ نەدەدرا هاوسەرگیری لەگەڵ كوڕی عەشیرەتێكی دیكە بكات، ویستی خۆپارێزی و عەشیرەتگەری یەكێك بوو لە هۆكارەكانی بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە.

2. هەندێكجار كچان متمانەیان نییە بەو دەستپێشخەری و خۆشەویستیانەی پێشكەشیان دەكرێت و ئەو پێشكەشكردنانە ڕەد دەكەنەوە.

3. دوودڵی و دڵەڕاوكێی كچان لەسەر بڕیاردان لەكەسێك كە بیكاتە هاوسەری خۆی.

4. هۆكارێكی دیكە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشی لەناو كۆمەڵگە؛ ئەمەش دەبێتە هۆی كەمتەرخەمی و نەمانی گیانی سۆز و وابەستەیی بەخێزانەوە. هەتا لەشفرۆشی زیاتر بێت هەندێك لە گەنجان لە هاوسەرگیری دور دەكەونەوە.

5. هەندێكجار خێزان ڕێگرن و ناهێڵن كچەكانیان بەخواستی خۆیان هاوسەرگیری بكەن، ئەمەش وا دەكات هەندێك لەكچان نەهێڵن هیچ كەسێكی دیكە بێتە ژیانیانەوە.

6. كۆچكردنی كوڕان بۆ هەندەران و نەگەڕانەوەیان، زۆرجاریش كچی بیانی دەكەنە هاوسەری خۆیان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەك لەكچان نەتوانن هاوسەرگیری بكەن.

7. چینایەتی و ڕازینەبوون بە هاوسەرگیریكردن لەگەڵ ئەندامێكی چینێكی تری كۆمەڵگە، بەكەم زانینی چینەكانی تری كۆمەڵگە و هەستی خۆبەگەورەزانین هۆكاركی تری ئەم دیادەیە.

8. ڕەتكردنەوەی فرەژنی لای خودی ژن و هەڵنەستان بەم كارە لەلایەن پیاوانەوە.

9. لەم ساڵانەی دوایدا ڕۆژانە چەندین گەنج لەڕەگەزی نێر دەبنە قوربانی ڕووداوەكانی هاتووچۆ و هەندیكیان كەم ئەندام دەبن، هەموو ژنێكیش ئامادەنییە لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت هاوسەرگیری بكات، ئەمەش هاوسەنگی ڕەگەزی تێك دەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10. لە هەموو دەزگا چاکسازییەکانی هەموو شارەکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆری پیاوان هەن و هاوسەرگیرییان نەکردووە، ئەم ژمارەیەش هاوسەنگی ڕەگەزی تێکدەدات.

دووەم: هــۆکـارە دەروونــییەکان

1. هەندێك جار تێنەگەیشتن و ناهوشیاری بەرامبەر ئایندە؛ تاك بەرەو هەڵدێر دەبات، ڕازی نەبونی بەهەموو کەسێك و دانانی مەرجی قورس ... هۆکارن بۆ دواکەوتنی تاك لە هاوسەرگیری.

2. تێڕوانینی خەیاڵی بۆ هاوسەرگیری و واقعیی نەبوون؛ هۆکارن بۆ نەبونی ئامادەباشی بۆ هاوسەرگیری.

3. ڕەشبینی سەبارەت بەداهاتووی ژیان و نەبوونی پلان بۆ ژیان لای تاکەکان هۆکاری زۆربوونی ئەم دیاردەیە.

4. نەبونی ئامادەیی دەرونی و توانای گونجان و ژیان بەسەربردن لەگەڵ بەرانبەر کاریگەری دواکەوتنی تاك لە هاوسەرگیری.

سێیەم: هۆکارە ســیـاســییەکان

1.جەنگ و ململانێ سیاسییە جیاوازەکان هۆکارێکن بۆ تێکچوونی هاوسەنگی رەگەزی و مانەوەی هەندێك کچ.

2. لە جەنگی دژ بە داعش زیاتر لە هەشت هەزار پێشمەرگە بریندار بوون، هەندێك لەوانە بوونە خاوەن پێداوستی تایبەت و بڕێکیش بەهۆی برینەکەیانەوە توانای ئەنجامدانی هاوسەرگیرییان لەدەستدا.

3. نەبوونی پێشینەیەکی هاوسەرگیری جێگیر و باش و ڕوون، هاوکاری نەکردنی گەنجان بە دابینکردنی (شوێنی نیشتەجێبوون، دۆزینەوەی کار، زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری، هتد....). هۆکارن بۆ ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری لای کوڕان.

4. سەرباری کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ هەندەران؛ هیچ هەنگاوێکی جدی و چالاکانەی نەدراوە بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئەو گەنجانەی لە دەرەوەی وڵاتن.

چوارەم : هـۆکـارە ئـابــووریيەكان

1. گەنجان بەهۆی (قەیرانی ئابووری، گرفتی نیشتەجێبوون، بێکاری، دانەمەزراند،....)ەوە, لەتەمەنێکی گەورەدا هاوسەرگیری دەکەن، کاتێك بڕیار دەدەن هاوسەرگیری بکەن؛ کچێك دەخوازێت لەخۆیان بچووکتربێت و هاوتەمەنەکانیان توشی کێشەی هاوسەرگیری دەبن.

2. هاوسەرگیری و خێزان دروستکردن تێچوویەکی زۆری دەوێت، داخوازی زۆری کچان و خواستی ماڵی سەربەخۆ و تێچوی ئاهەنگی گواستنەوە...... هۆکارێکە بۆ زۆربونی دیاردەی دواکەوتنی تاك لە هاوسەرگیری.

3. نەبونی کاری جێگیر و کەمی مووچە و گرانی پێداویستییەکانی ژیان لە شاردا بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەی ئەوانەی لە هاوسەرگیری دوادەکەون زیاتربە بەراورد لە گوندنشینان.

ئەنجام

1.دواکەوتنی تاك لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری چەندین هۆکاری هەیە و هەریەك لە پاڵنەرە (ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، سیاسی...)کانیش ورد دەبنەوە بۆ چەند خاڵێك.

2. ئەم گرفتە؛ مەترسییە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراقدا چونکە بەپێی چەند ئامارێکی نافەرمی تەنها ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لە شاری بەغدا و ناوچەی صەدر نزیکەی 6 میلۆن کەسە کە یەکسانە دانیشتوانی کورد لە باشوری کوردستان، ئەگەر بەچاوی مەترسییەوە سەیری ئەم دیاردەیە نەکرێت و ڕێژەی هاوسەرگیری زیاد نەکرێت لەوانەیە لە سەد ساڵی داهاتوو یان ئایندەیەکی دوور وەك ئاشوریيەکان ببینە کەمینەیەکی بچوك و وڵات و دەسەڵات لەدەست بدەین.

3. دواکەوتن لە هاوسەرگیری چەندین شوێنەواری هەیە و کاریگەری تەواوی لەسەر تاك و کۆمەڵگە هەیە، ئەم گرفتە چی وای لە ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان و تیرۆر

کەمتر نییە چونکە ژیانی (تاك، خێزان، کۆمەڵگە) دەخاتە دۆخێکی نا ئاسایی و مەترسیدارەوە.

<u>پێشنیاز</u>

لە میانەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە دەتوانین چەند پێشنیازێك بخەینە ڕوو.

1. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستە حکومەت بەڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و هاوکاری ماددی گەنجان بێت بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، ئەمیش چەندین جۆر ڕێگاچارە هەیە وەك (پێشینەی هاوسەرگیری، چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێ بوون، دۆزینەوەی کار بۆگەنجان،....).

2. هەوڵ بدرێت لەڕێگای دامەزراوە جیاوازەکان و ناوەندەکانی پێگەیاندنەوە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە بخرێتە ڕوو، تاکەکان ئاگادار بکرێنەوە لەسەر لێکەوتەکانی دواکەوتن لە هاوسەرگیری.

3. هەوڵبدرێت ئەو گەنجانەی لە ئەوروپا و هەندەرانن بگەرێندرێنەوە بۆ کوردستان و کار و بژێوییان بۆ دابین بکرێت و ڕێگە بگیرێت لە کۆچی گەنجان بۆ ئەوروپا.

4. وڵاتی کوێت لەڕێگەی هاندان بۆ فرەژنی و هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی ویستی فرەژنییان هەیە توانییان لەماوەی پێنج ساڵدا ڕێژەی قەیرەیی بگەیەننە کەمترین ئاست. ئەمەش بە ڕێگا خۆشکردنی یاسایی و هاوکاری ماددییەوە ئەم پرۆژەیە سەری گرت.

5. گۆڕینی کەلتور و نەریتی هاوسەرگیری و کەمکردنەوەی خواستی کچان و ماڵباتیان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری زیاتر لەلایەن کوڕانەوە.

لیستی سەرچاوەکان

1.ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009.ل 512

**2.محمد شوانی، بچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان،ئاماژە ناوی چاپخانە نەدراوە، 2017، هەولێر، لا216.**

**References**

1.Avaren Ipsen, Sex Working and the Bible, Philip R. Davies and James G. Crossley, University of Sheffield , Equinox Publishing ,2009,.

2. C.N. Shankar Rao, principles of sociology, Nirja publisher &printers PVT, new Delhi, seventh revised edition, 2012.

3. John Archer, Barbara Lloyd - Sex and Gender, 2nd edition, Cambridge University Press, 2002.

4. JUDITH E. TUCKER ,WOMEN, FAMILY, AND GENDER IN ISLAMIC LAW, Published in the United States of America by Cambridge University Press, New York.

5. Karl F. Stifter, Sexology of Vaginal Orgasm, Printed in Germany 2005, Publisher: fgb • freiburger graphische betriebe, Freiburg, Translated by A.S.S., C.R.N., J.K.

6. Linda Mahood, Policing gender, class and family, University of Guelph, First published in 1995 by UCL Press

P.Gisbert, fundamentals of sociology, published by Orient Blackswan, India, new Delhi, 18th edition, 2006.

7. R.N.Sharma, principles os sociology, published by media promoters & publishers PVT, mumbai, eight edition, 2009.

8.Rao, C.N. Shankar , principle of sociology with and introduction to social thought, S, chand & company LTD, fourth edition, new Delhi, 2005.

9.Scott , Willaim P, dictionary of sociology, W.R. Goyal SaaB publisher, India, 1999.

10. Vaidya Bhushan, an introduction to sociology, published by kitab mahal, edition 39, new Delhi, 2005.

11. Vladimir Antonov, Sexology, Printed by Lulu, New Atlanteans, 2008.

## سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

1.ماڵپەڕی خەندان، http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=16652&babet=6&relat=1024، 1/11/2017،

2.ماڵپەڕی ووشە، http://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=12462&Jor=8، 12/03/2017

3.ماڵپەڕی دەباشان، http://www.dabashan.net/archived/index.php?option=com_content&view=article&id=260:---500------&catid=9:hewall&Itemid=10،

4. کارزان گلی ، ماڵپەڕی باس نیوز، http://www.basnews.com/index.php/so/lifestyle/magazine/399138، 11/12/2017

5. ماڵپەڕی دواڕۆژ،ژنانی سوریا بەم جۆرە کێشەی قەیرەیی چارەسەر دەکەن https://www.dwarozh.net/life/details.aspx?jimare=39387، 10/11/2018،

7. هۆزان رۆستەم، PUKmedia، https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=52635، 10/2/2015

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# THE REASSONES OF BEING SPENSTER

**Suren akram hamanajm**
Department of sociology, College of law and international relationship, University of Lebanese Franch, Erbil, Iraq.

## Abstract

Unmarried woman is a term referring to an unmarried woman who is older than what is perceived as the prime age range during which women should marry. It could also indicate that a woman is considered unlikely to ever marry. The term originally denoted a woman whose occupation was to spin.

This research has two gates, the first gate is dedicated to the theory of the research and it has three chapters. In chapter one, a research problem, a research significance, a research purpose has been written then. In chapter two the concept of (Consequence, spinster, marriage) has been defined as well as chapter three is about the reasons and The Influences of spinster.

The second gate has been dedicated for applied research and it has the community of the Research, the example of the Research, the method of the Research, the Areas of the research and Tools for Gathering Information.

Finally the Conclusion, Research results, Research recommendations Research suggestions, Bibliography, Appendix. Has been written.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص:**

عنوسة هو مصطلح يشير إلى امرأة غير متزوجة أكبر سناً مما يُعتبر الفئة العمرية الأولى التي تتزوج فيها المرأة. قد يشير أيضًا إلى أن المرأة لا يُرجح أن تتزوج على الإطلاق. يشير المصطلح في الأصل إلى امرأة كانت وظيفتها تدور.

يحتوي هذا البحث على بوابتين ، البوابة الأولى مخصصة لنظرية البحث وله ثلاثة فصول. في الفصل الأول ، تمت كتابة مشكلة بحث ، أهمية بحثية ، هدف بحثي. في الفصل الثاني ، تم تعريف مفهوم (النتيجة ، العانس ، الزواج) بشكل جيد حيث أن الفصل الثالث يدور حول أسباب وتأثير العانس.

تم تخصيص البوابة الثانية للبحث التطبيقي وتضمنت مجتمع البحث ومثال البحث وطريقة البحث ومجالات البحث وأدوات جمع المعلومات.

وأخيرا الخاتمة ، نتائج البحوث ، توصيات البحوث ، اقتراحات البحوث ، الببليوغرافيا ، الملحق. وقد كتب.